# كۆزانیاری زمانیی لە شیعرەکانی فەرەیدوون عەبدوول دا

د.مەهاباد کامیل عەبدوڵڵا
سکوڵی زمان
زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی:**

زمان ئەنجامی پرۆسەیەکی ژیرییە، رەنگدانەوەی هەڵوێستو کارو کردەوەکانمانە، کارو کردەوەکانیش بەرهەمی ژیری و ئەقڵی مرۆڤن، زمان بەشێکە لە چالاکییەکانی مرۆڤ تەنانەت هەندێکجار زووربەی چالاکیەکانیشە، چونکە زمان تایبەتە بە مرۆڤ هەر ئەمەش مرۆڤ لە زیندەوەرانی تر جیادەکاتەوە، چونکە مرۆڤ توانایەکی بێ سنووری لە دەربڕیندا هەیە، لە باسکردن لەودیو شتە هەستپێکراوەکان، دەتوانێت باس لە رابردوو و داهاتوو شتە خەیاڵیەکانیش بکات، ئەم باسکردنانە بەرهەمی ئەقڵو بیرو زمانن، توانای درککردن و ئەزموون هەستەکانی مرۆڤ سەنگی مەحەکن بۆ گوزارشت کردن لەم دەربڕینانە.

ئەم بابەتە لە بواری زانستی زمانی درککردندایە، زمانیش سەرچاوەیەکی گرنگی بەدەستهێنانی کۆزانیارییەکانە بەگشتیو کۆزانیارییە زمانیەکانیش بەتایبەتی.

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (کۆزانیاری زمانی لە شیعرەکانی فەرەیدوون عەبدوول)دایە، بەڵام دواتر هەستمان کرد، کە کاتەکەو مەودای بابەتەکە زۆر فراوانە، جێی سەرجەم شیعرو هۆنراوەکانی تێدا نابێتەوە، بۆیە بەناچاری لە کۆی (٨٥) ناونیشانی شیعری، تەنها (١٠) ناونیشانمان هەڵبژارد.

رێبازی لێکۆڵینەوەکە، رێبازی پەسنی شیکارییە، واتە ناونیشانەکان هێنراونو دواتر شیکردنەوەیان بەپێی تیۆرەکە بۆکراوە.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی یەكەم

### ١/١) پێناسەو چەمكی كۆزانیاری

زمان هەڵگری سەرجەم كۆزانیارییەكانە، بەواتای گەیاندنی بیرو واتا دێت، پرۆسەی بیركردنەوە بەبێ زمان بەرهەم نایەت، زمان بەرهەمهێنەری كۆزانیارییە، تەنانەت بە چەقی كۆزانیاریش دادەنرێت، زمان و كۆزانیاری پەیوەندییەكی پتەو لەنێوانیاندایە، (صابر الحباشە، ٩٣).

كۆزانیاری بە چەند جۆرێك پێناسە كراوە، لە ئۆكسفۆردا "راستی زانیارییەكی وەرگیراوە، تێگەیشتن و هەڵێنجانی تیۆری پراكتیكی بابەتێكی تایبەتی پەسنكردووە" (ویكیپیدیا).

كۆزانیاری تێگەیشتن و زانیارییە دەربارەی بابەتێك یا راستیەك یا شتێك، كە پەیوەستە بە توانای مرۆڤ لە زانین و درككردن و تێگەیشتن لە رووداوو بابەتەكان، یاخود دەربارەی هەموو ئەو شتانەی كە لە دەوروبەر دەگوزەرێن.

زمان و كۆزانیاری پەیوەندییەكی پتەویان بەیەكەوە هەیە، تەنانەت:

١- زمان نیشتمان و ژینگەی كۆزانیارییە.

٢- زمان هۆكارێكە بۆ بەرهەمهێنانی كۆزانیاری، هەر لەڕێی زمانەوە سەرجەم كۆزانیارییەكان پەخش دەكرێن.

٣- كۆزانیاری لە چوارچێوەی زماندا گەشە دەكات و پەرەدەسێنێت. (شیلان، ٩٢)

خودی زمان دیاردەیەكی هۆشەكییە، هەركاتێك تاكەكانی كۆمەڵ پێویستیان پێی بێت، بۆ پەیوەندیكردن بەكاریدەهێنن، چونكە زمان داهێنراوی ئەقڵ و هۆشە، بۆ كارئاسانی هۆش لە كۆمەڵدا كاردەكات.

لە هۆشدا یەكەكانی زمان هەڵگیراون، لەكاتی پێویستدا بەكاردەهێنرێن، زمان بە كلیلی كۆزانیاری ئەقڵ و هۆشی مرۆڤ و بیركردنەوەیەتی، زمان كە بەخششێكی خواییە، تایبەتە بە مرۆڤ و رۆدەچێتە ناو بیرو كردارو پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانەوە. (فؤاد زكريا، ١٩)

هەركەسێك بە هەر زمانێك قسە بكات، سیستەمێكی كۆزانیاری لە مێشك و هزریدا رێكخراوە، كە قسەو دەربڕینەكان رێكدەخات (نعوم تشومسكی، ٥٣)

لە كۆی چەند زانیارییەك، كۆزانیاری بەرهەمدێت، كە لە ئەنجامی ئەزموونو تێگەیشتنو تاقیكردنەوەو پرسو تێڕامان دێتە بەرهەم، مرۆڤ بە بەردەوامی بەپێی كاتو سەردەم و شوێن چەندین جۆر زانیاری وەردەگرێت و فێردەبێت، كە پێویستە هەڵگیرێن و توانای بەكارهێنانەوەیان لەڕێی پرۆسەی جۆراوجۆرەوە دەبێت.

كۆزانیاری، زانیارییە دەربارەی ئەوەی كە دەیزانێتو ئەوەی دەبێ بیزانێت، زانیارییەكانیش جۆراوجۆرن، بەشێك لەو زانیارییانە نەگۆڕن و لای هەمووان یەك چەشنن وەك ئەندامەكانی لەش، بەشێكی تریان دروستكراون بە رێگای داڕشتن و لێكدان، لە كۆی ئەو زانیارییانە كۆزانیاری بەرهەمدێت.

كۆزانیاری، چەمكێكە زوربەی زانایان باسیان لێوەكردووە، هەریەكەیان بەپێی پسپۆڕی و هێزو توانای خۆیان گوزارشتیان لێكردووە، چونكە خودی كۆزانیاری خۆی هێزو توانایە، كە هەركەسێك كۆزانیاری پڕاوپڕی



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەبێت، واتە كەسێكی بەدەسەڵاتەو توانایەكی تەواوی هەیە، هەرچەندە كەسەكان لە بەدەستهێنانی كۆزانیاریدا وەك یەك نین.

درككردن و پێزانین و تێگەیشتنە لە راستیەكان، لەڕێی ئەقڵ یا بەهۆی وەرگرتنی زانیارییەوەیە، كە ئەقڵ بە ئەزموون و تاقیكردنەوە تێیاندەگات، لەڕێی وێناكردنی سروشتی شتەكانو وێناكردنی خودەوەو لەڕێی چاودێریكردنی ئەزموونی كەسانی ترەوە وەریاندەگرێت.

كۆزانیاری پەیوەستە بە زانیارییە بەدەستهاتووەكان و لێكۆڵینەوەیە لە پەنهانەكان و گەشەپێدانی خود، لەڕێی پەرەپێدانی خودەوە.

هەروەها كۆی هەموو زانراوێكە لە بوارێكی تایبەتدا، كە لە سروشت و خوێندنەوەو گفتوگۆوە وەردەگیرێت.

بڕوابوونە بە راستەقینەیەكی باوەڕپێكراو، واتە تاك بڕوای بەو زانیارییە هەیە كە وەریگرتووە، لای ئەو راستیەكە، كە پێی گەیشتووە، كە پەسنكردنی بارودۆخێكە، یاخود پرۆسەیەكە لە هەندێك بواری ژیان، كە بەرهەمی پێكەوەبوونو پەیوەندی نێوان تاكو دنیابینیەكانیەتی، زۆرجاریش بابەتێكی دركپێكراوە لەلایەن تاكێكەوە، كە وەك كۆزانیارییەكی خودیی، كە پشت بە ئەزموونی كەسی دەبەستێت و تاك ئەو زانیارییانە وەردەگرێت، بەپێی ئەو ئەزموونانەی كە پێیدا تێپەڕبووە، یاخود لە دەوروبەر وەریگرتووە، زۆرجار بیروباوەڕو ئاراستەو بۆچوونە جیاوازەكان و بەها كۆكراوەكانە، كە لە ئەنجامی ئەزموونی رۆژانەوە دەستەبەردەبن، لە كۆچەمكەكان و ئەزموونە كۆكراوەكانەوە، بەئاسانی تاك دەتوانێت دەریانبڕێت، بەڵام ئەمانە تایبەتن و بەئاسانی لەنێوان تاكەكاندا ناگوێزرێتەوە.

ئەو چەشنەی كە لەنێوان تاكەكاندا بواری گواستنەوەیان هەیە، ئاڵوگۆڕیان پێدەكرێت بە چەشنێكی گشتی دەناسرێن، كە هەر دەربڕینێكن بە زمان یاخود شێوەی دەربڕاوە ماتماتیكەكانن وەك هاوكێشەو نموونەو نووسراوە جیاوازەكانن. (Michael Puany، ئینتەرنێت)

بەمجۆرە كۆزانیاری، بەرهەمی تێكەڵەیەكی شاراوەیی نێوان زانیاریو ئەزموونە دركپێكراوە هەستیەكان و توانای بڕیاردانە، زاراوەیەكە بۆ پەسنكردنی هەر تێگەیشتنێك لە راستی بەكاردێت. بە كۆمەڵێك واتاو چەمك و بۆچوون و وێنای بیریی دەناسرێت، كە لەلای تاك ئەو چەمكانە كۆدەبنەوە، ئەویش لە ئەنجامی هەوڵی تاك خۆیەتی بۆ تێگەیشتن لە دیاردەكانی دەوروبەر.

زۆرجار كۆزانیاری بە زانیاری كیانی ناودەبرێت، كە پەرستش و ئابوری و رۆشنبیری جۆراوجۆرو زانست دەگرێتەخۆ. (ویكیپیدیا)

### ٢/١ ) چەشنەكانی كۆزانیاری:

دەرئەنجامی باسكردن لەم چەمكە چەندین جۆر لە كۆزانیاری دەستنیشان دەكرێت:

١. كۆزانیاری لۆجیكی: كە بە یاسای لۆجیك و راستی لێكدەدرێتەوە، واتە هەر كۆزانیاریەك لۆجیك رێی پێدابن و بەپێی كات و شوێن لە راستیەكان دانەبڕێن، واتە لە راستیەكانی دەوروبەرەوە وەردەگیرێن،

ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە، کە ئەقڵ و مەنتق ڕێی پێدەدات و لەگەڵ دەوروبەردا گونجاوەو تاك بڕوای تەواوی پێیەتی، چونکە بەشێکن لە ڕاستی، کە پشت بە ئەزموونی کەسی دەبەستێت و تاك خۆی پێیدا تێپەڕ بووە، لە دەوروبەر وەریگرتووە.

٢. کۆزانیاری سیستماتیکی: یاسا ماتماتیکی و جیۆمەتریو ئەندازەییەکان ڕۆڵیان لە لێکدانەوەیاندا هەیە، واتە ئەگەر بەر ئەو یاسایانە کەوتن، ئەوا بە سیستم کاردەکەنو پەیڕەوێکی سیستماتیکییان هەیە، ئەمجۆرە کۆزانیارییە کۆزانیاریی زانستە رووتەکانە، کە لای زاناو پسپۆڕە تایبەتمەندەکان بوونیان هەیە، توانای گواستنەوەشیان لەڕێی فێربوونەوە هەیە، نەك وەرگرتن.

٣. کۆزانیاری سیمانتیکی: ئەمجۆرە پەیوەستە بە واتاوە، ئەگەر واتاکانیان لە فەرهەنگدا تۆمارکران، ئەوا کۆزانیاری واتایین و باوەڕپێکراون، ئەمجۆرە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە زمانەوە هەیە، واتاکانیش لە ئەنجامی درککردن و هەستکردنو ئەقڵ و ئەزموونەوە بەدەستدەهێنرێن، کۆزانیاری سیمانتیکی پەیوەستە بە بواری بەکارهێنان و واتای وشەکانەوە.

٤. کۆزانیاری گریمانەیی: ئەم کۆزانیارییە، زانستییە، تیۆری بۆ دادەنرێت و چاودێری دەکرێت، دواتر ئەو تیۆرە تاقیدەکرێتەوە، بە بەڵگە دەسەلمێنرێت. ئەمەش لە ئەنجامی ڕاستی ڕووداوەکان و لەڕێی خوێندنەوە بەدەستدەهێنرێت، کە زیاتر فەیلەسوفەکان گرنگی پێدەدەن.

٥. کۆزانیاری کارەکی: کە بە زانیاری چۆنێتیش ناودەبرێت، کەسێك وا هەست دەکات دەتوانێت کارێك بکات، لە ئەنجامی تێگەیشتنی لە بابەتێکی تیۆری، بەڵام لە ڕاستیدا جێبەجێکردنی کارێکی ئاسان نییە، چونکە جێبەجێکردن پێویستی بە کارەکی کردنی هەیە، بۆ نموونە کەسێك وا هەست دەکات کە هونەری شەڕ دەزانێت، کاتێك کتێبێك دەربارەی ئەم هونەرە دەخوێنێتەوە، یاخود بابەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل، پێی وایە فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بووە، بەڵام هەریەکێك لەو هونەرانە پێویستیان بە تواناو لێهاتوویی هەیە، ئەمەش بە ئەزموون و کارەکی کردنی ئەو لایەنە تیۆرییانە دەستەبەر دەبن، نەك بە گریمانەیی.

لە کۆی سەرجەم جۆری کۆزانیارییەکان ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە کۆزانیاری لەڕێی هەستکردنو درککردنەوە بەدەستدەهێنرێت، کە بە ئەزموونو ئەقڵو درککردن، زانیاری کۆدەبێتەوە، لە کۆی چەند زانیارییەکیش، کۆزانیاری بەرهەمدێت، ئەمەش بەستراوە بە ئەقڵو هۆشو دنیابینی تاك، هەروەها ئەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەردا ڕوودەدەن دەبنە هەوێنی کۆزانیاری.

### ٣/١ ) سەرچاوەی بەدەستهێنانی کۆزانیاری:

هەموو تاکێك هێندەی ئاستو توانای خۆی، کۆزانیاری لە مێشکیدا هەڵگرتووە، هەمووان کۆزانیارییەکی دیاریکراومان لەسەر خۆمان و دەوروپشتمان هەیە، کە بیرو چەمکە ڕووتەکانن. زۆرجار پرسیار دەکرێت سەرچاوەی ئەم کۆزانیارییانە چین؟ تاکەکان لە کتێبەکان و ڕاگەیاندنو مامۆستاو کەسانی دەوروپشت زانیاری زیاتر فێردەبن، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەبن کە چۆنو چی فێردەبین و وەردەگرین؟

لە وەرگرتنی کۆزانیاریدا دوو ئاراستە هەیە:



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

١- ئاراستەی ئەزموونی: سەرجەم کۆزانیارییەکان لە هەستەکانەوەو ئەزموونەکانەوە دەستەبەر دەکرێن، ئەم ئاراستەیە بڕوای بە کۆزانیاری خودی نییە (ئەوەی کە بۆماوەییە)، بەڵکو پشت بە ئەزموون و تێبینی دەبەستێت، زیاتر هەوڵ بۆ شیکاری بیرکارییانەو زانستەکان دەدات. ئەزموون و توانا بنەمای ئەم ئاراستەیەن، کە لەڕێی هەستەکانەوە بە مرۆڤ دەگات، رایان وایە بەبێ ئەزموون راستی بوونی نییە، ئەگەرچی ئەو راستیە لۆجیکی و رەوشتیو بیرکارییانەش بێت.

٢- ئاراستەی ئەقڵی: سەرچاوەی کۆزانیاری ئەقڵەو، سێ جۆر دەستنیشاندەکرێت:

أ. هەموو تاکێك بەشێك لە کۆزانیاری لە مێشکیدا هەڵگیراوە، بەلانی کەمەوە هەندێك غەریزەی بنەڕەتی لە مێشکی تاکدا هەیە. بۆ نموونە توانای فێربوونی زمان یەکێکە لەو غەریزانە.

ب. گروپی دووەم گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەن، کە راستی هەیە، بەڵام نەناسراوە لەڕێی سەربەخۆیی و دوور لە ئەزموونەوە بەدەستدێت، بۆ نموونە توانای جیاوازی راستو هەڵە ناتوانرێت دوور لە ئەزموون دەستنیشانبکرێت.

ج. بەشێك لە راستیەکان بەتەنها لەسەر بنەمای ئەزموون دەستنیشان ناکرێن، بۆ نموونە بەهای راستیەکان لەسەر بنەمای کۆزانیاری پۆلێن دەکرێت، دووکەس سەیری شتێك دەکەن، بەڵام بۆچوونیان جیاوازە، بۆ نموونە لەسەر جوانیو ناشرینی، کەواتە ئەمان لەسەر بنەمای هەستەکان بۆ شتەکان ناڕوانن، بەڵکو ئەقڵیش بەشدارە لە بڕیاردان. (صابر الحباشه، ٨٧)

هەریەك لەو دوو ئاراستەیە گرنگی خۆیان هەیە، هیچیان بەبێ یەکری نابن، سەرچاوەی کۆزانیاری لەڕێی ئۆرگانە هەستیەکان (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، دەستلێدان، هەستە ئاوەزییەکان)ەوەیە، کە بەهۆی هەستکردنەوە زانیارییەکان گەڵاڵە دەبن، دواتر لەڕێی ئەقڵەوە گەڵاڵە دەبن، دواتر لەڕێی ئەزموونەوە ئەو هەستانە کۆدەکرێنەوەو تاقیدەکرێنەوەو بەرجەستە دەکرێن و کۆزانیاری دێننە بەرهەم، بەڵام سەرچاوەی هەریەك لەو کۆزانیارییانە جیاوازە، درککردنیش لێکدەرەوەو شیکەرەوەی کۆزانیارییە، پرۆسەی درککردن دەکرێت لەڕێی تاقیکردنەوە یا فێربوون یا هەستکردنەوە بێت، کە کۆزانیاری بەرهەم دێنن، لە سەرجەمیان تێڕوانین و بۆچوونی جیاواز دەربارەی هەر شتێك لە دەوروبەر دروست دەکات. (شیلان، ٧٩)

### ٤/١ ) پێکهاتەی کۆزانیاری:

کۆزانیاری لە زنجیرەیەك هێمای زانیاری پێکدێت، پێکهاتەی زانیاریش بریتین لە:

١- هێما: هەر بابەتێك یاخود رووداوێك یاخود کردەیەك، کە واتا بگوێزێتەوەو ناوەرۆك دەستنیشانبکات، بە هێما دادەنرێت، واتە ناواخنی زانیاری هێمایە.

٢- داتا: ئەو زانیارییە دروست و راستانەن، کە بۆ شیکردنەوە رێکدەخرێن، بەمەبەستی بڕیاردان لێیان، واتە پێوەرێکن بۆ بیرکردنەوەو بڕیاردان. (شیلان، ٧٨)

زانیاری پێکهێنەری یەکەیەکی گەورەیە، کە کۆزانیارییە، بۆ دەستگەیشتن بە کۆزانیاری دەبێت پێکهاتە بنەماییەکانی زانیاری دەستنیشانبکرێت، ئەوانیش خودی زانیارییەکانن واتە (هێما، داتا).

کۆمەڵێك لە زانیاری جۆراوجۆر کە لە دەوروبەرەوە فێریان دەبین یا وەریاندەگرین بە ڕێگای جۆراوجۆرو توانای بەکارهێنانەوەی ئەو زانیارییانە جارێکی تر لە بارودۆخی جیاوازدا کۆزانیاری دەگرێتەوە.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)




پێكهاتەی كۆزانیاری (شیلان، ٧٨)

**بەشی دووەم**

**كۆزانیاری زمانیی و زمانی شیعر**

**١/٢ ) كۆزانیاری زمانی:**

یەكێك لە بنەماكان و چالاكیەكانی كۆزانیاری بیركردنەوەیە، كە پەیوەندی راستەوخۆی بە رووداوەكانی دەوروبەرەوە هەیە، لە دەروونناسیشدا بیركردنەوە بە گرنگترین چالاكی ئەقڵی لای مرۆڤ دادەنرێت، زمانیش رۆڵێكی گرنگی لەم پرۆسەیەدا هەیە، زۆر بەئاسانی توانای دەستبەسەراگرتنی چالاكیە ئاوەزییەكاندا هەیە، هەر زمانە یارمەتی هەڵقولانی بیرو شیكردنەوە دەدات، چونكە بیر وەك هەور وایە، كە شێوەیەكی دیاریكراوی نییە، تا نەخرێتە قاڵبێكی زمانییەوە، بەمشێوەیە بیرو زمان پەیوەندییەكی راستەوخۆیان بەیەكەوە هەیە، لە بیریشدا كۆزانیارییەكان هەڵگیراون، كە لەرێی زمانەوە گوزارشتیان لێدەكرێت.

لە راستیدا زمان وەك ئاڵۆزترین دیاردەی رەوشتی دەردەكەوێت، هەر ئەم رەوشتەیە كە مرۆڤ لە زیندەوەرانی تر جیادەكرێتەوە، چونكە مرۆڤ توانای دنیابینی و درككردنی دیاردەكانی دەوروبەری هەیە. (حسن ظاظا، ٥)

فۆرمی زمانێكی تایبەت، كاردەكاتە سەر دنیابینی، ئەو دنیابینیەش بەهۆی ئەو كۆزانیارییانەوەیە، كە لەلای تاك هەیە، بێگومان كۆزانیاری جیاواز دنیابینی جیاواز دێنێتە ئاراوە، چونكە كاتێك ئەزموون و بیركردنەوەكان جیاوازبن، ئەوا زمانەكەش جیاواز دەبێت، بۆ نموونە شاعیرێكی رۆژهەڵاتی كوردو عەرەب وشەو وێنە هونەرییەكانیان لەیەكتر جیاوازن، لای شاعیرێكی عەرەب بیان لە شیعرەكانیدا، بەڵام لای كوردێك شاخ و دۆڵی تێدایە.

كۆزانیاری زمانیی، حاڵەتێكی تایبەتی ئەقڵ و هۆشە، زمان رەگەزێكی جێگیرە لە ئەقڵدا، چونكە زمان باشترین ئاوێنەی ئەقڵی مرۆڤە، زمانەكانی جیهان رێگای جۆراوجۆر بۆ گوزارشتكردن لە هێزی ئەقڵ زمان بەكاردێت، بیر هیچ بەهایەكی نییە، ئەگەر نەخرێتە قاڵبێكی زمانییەوە، واتە بیر پرۆسەیەكی جێگیرە، كە لە رێی زمانەوە دەردەبڕرێت. (چۆمسكی، ٥٢)



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وەرگرتنی کۆزانیاری بە هۆش‌و ئەقڵ دەبێت، گەشەکردنی کۆزانیاری وەك درەختێك وایە، ئەگەرچی کەش‌وهەواو ژینگە رۆڵی باشیان لە گەشەکردنیدا هەبێت، بەڵام ئەگەر درەختەکە خۆی باش نەبێت، ئەوا ئەو ئاووهەوایەش هیچ رۆڵێکی نابێت، واتە ئەگەر ئەقڵ‌و هۆشی مرۆڤ خۆی باش نەبێت و توانای درککردنی بەهێزی نەبێت، لە دەرەوە چەند هۆکاری باشیش هەبن، کارناکەنە سەر چەشنی کۆزانیارییەکان. (چۆمسکی، ٥٣) کەواتە سەرچاوەی کۆزانیاری ئەقڵ‌و هۆشە، دواتر ئەزموونی گشتی‌و فێربوون رۆڵی گرنگیان لە دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاریدا هەیە.

بیرکردنەوە وەك لایەنێکی بەخششی خوایی سەیردەکرێت، کە تایبەتە بە مرۆڤ، چونکە تەنها مرۆڤ توانای لەیەکجیاکردنەوەی یەکە ئاڵۆزو بەیەکداچووەکانی هەیە، بیرکردنەوە تایبەتمەندییەکی دەروونی جێگیری مرۆڤە، هەر بەوەش پێوانەی ژیری مرۆڤ دەکرێت.(ئاڤێستا، ٧)

### ٢/٢ ) پێکهاتەی ناواخنی واتای وشە :

هەر وشەیەك لە وشەکانی زمان، خاوەنی پێکهاتەیەکی واتایین، پێکهاتەی واتایی لەو پەیوەندییانەوە دێت، کە هەریەك لە وشەکان پەیوەندییەك لەگەڵ وشەکانی تردا پێکەوە دەبەستێتەوە، هەریەك لەو وشانە لە یەکگرتنی بیرو هێما پێکهاتووە، ئەو پەیوەندییەی کە لەنێواندایە، واتە لە یەکگرتنی فۆرم‌و واتا وشە بەرهەمدێت. واتای هەر وشەیەك لەو پەیوەندییەوە دێت کە لەنێوان بیرو ئاخاوتندایە، پەیوەندی زمان و بیر ئاگایی دەنوێنێت، وشەکان ناواخنین و پێکهاتەیەکی بەناویەکداچوون، بەڵام تێگەیشتنی زمانێك یا فێربوونی راستەوخۆ پەیوەندی بە واتاوە هەیە، کە پێکهێنەری سەرەکی زمانە.

هەر وشەیەك بەپێی دەوروبەری و بەکارهێنانەکەی واتاکەشی گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر وشەیەك پێکهاتەیەکی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی خۆی هەیە، لە هەر وشەیەکدا کۆزانیاری تایبەت هەڵگیراوە، یاسای تایبەتی خۆیان هەیە، هەریەکێکیان چەمکی تایبەتن و کۆمەڵ بڕیاری لەسەرداون.

وشەکان هیچ بەهایەکیان نییە، ئەگەر فۆرمێکی فۆنۆلۆژی و ناوەرۆکێکی واتاییان نەبێت، هەرچەند ژمارەی وشەکان لای تاك زۆر بێت، واتای دەوڵەمەندییە لە کۆزانیاری و فەرهەنگدا، هەروەها توانای درکپێکردن و مەودای تێگەیشتن زیاتر دەبێت.

واتای وشەکان بە پەیوەندییە واتاییەکانیانەوە بەیەکترەوە دەناسرێنەوە، هەر وشەیەك چەند نیشانەیەکی واتایی دەستنیشاندەکرێت چونکە وشەکان گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە، بە کلیلی دەروونی مرۆڤ دەناسرێن، وشەکان جۆرو رەفتارو ئاستی رۆشنبیری تاکەکان دەستنیشاندەکات، چونکە چۆنێتی گوزارشتکردنی وشەکان پەیامی جۆراوجۆر هەڵدەگرن‌و لە توانایاندایە، ئاراستەی رووداوەکان بە چاك‌و خراپ بگۆڕن.

ئەرکی کەسانی خاوەن بەهرەو توانا لە چۆنێتی بەکارهێنانی وشەکاندا دەردەکەوێت، تەنانەت بەکارهێنانی ئامرازەکانیش پەیوەندی بیرکردنەوەی بەرامبەر دەگۆڕێت.

وشەکان لە کۆزانیاری زمانیدا، گرنگی خۆیان هەیە، چونکە هەڵگری واتای سایکۆلۆژی‌و رێکخستنی ئاوەزی ئاخاوتنن، بۆنموونە کاتێك کەسێکی نەناس دەدوێنین بەکارهێنانی جێناوی (ئێمە، ئێوە) ئاماژەن بۆ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

رێزگرتن، بەڵام بەکارهێنانی بەردەوامی جێناوی (من) ئاماژەیە بۆ خودپەرستی، وشە رێزمانییەکانیش لە کردە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن‌و رایەڵەی نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانن. (شیلان، ٨٥)، بەهۆی وشەکانەوە سروشتی زمان دەردەکەوێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان زمان و بیردا هەیە.

## پێکهاتەی ناواخنی واتای وشە :

نیشانەی واتایی: بریتین لەو نیشانانەی کە واتای دەربڕاوە زمانییەکانیان پێ شی دەکرێتەوە، بەپێی بنەمای ئەم نیشانانە وشەکان لە فیلدو کێڵگەی تایبەتیدا دادەنرێت، گرنگی وشەکان ئەوەیە کە هۆکارێکن بۆ گەشەی درکپێکردنی هەستیی، توانا هۆشەکی‌و ژیرییەکان چەند زۆر بێت لای تاك ژمارەی ئەو وشە فەرهەنگییانە زیاددەکات، واتە ئەو پەیوەندییە واتاییانەی کە لەنێوان وشەکاندا هەیە، لەوەوە دێت کە ئایا ئەو وشانە کە واتایەکیان هەیە، چونکە وشە لە یەکگرتنی دەنگ و واتا پێکدێت. کۆمەڵ بڕیاری لەسەرداوە، هەر وشەیەك لەو وشانە چەند نیشانەیەکی واتاییان هەیە، هەریەك لە وشەو دەربڕینەکان بەپێی ئەم هێڵکارییەی خوارەوە دەستنیشاندەکرێت:




پێکهاتەکانی نیشانەی واتایی وشە (شیلان، ٨٤)

بەگشتی دوو جۆر نیشانەی واتایی دەستنیشاندەکرێت:

١- نیشانە واتاییە گشتیەکان: ئەو نیشانانەن، کە لە هەموو زمانەکاندا بوونیان هەیە، هەرچەندە ناتوانرێت ژمارەیان دەستنیشان بکەین، بەڵام هاوبەشیەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، بۆ نموونە کەرەستەکانی سروشت وەك مرۆڤ، هەروەها چەمکە بنەڕەتیەکانی

+ گیاندار      - گیاندار

+ مرۆڤ      - مرۆڤ      (فەرهاد، ٤٢)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢- نیشانە واتاییە تایبەتیەکان: ئەو نیشانانەن، کە تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە کلتورو رۆشنبیری زمانەکەوە هەیە. بۆ نموونە ژنان لە زمانی کوردیدا + شوکردن

- نێر

ئەمەش بەپێی شوێن گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەروەها هەر زمانێك بەپێی سنوری بیرکردنەوەی خۆی کەرەستەکانی دەوروبەری پۆلێن دەکات {لە ئیسپانیا چەپ و راست نییە} بەڵکو رۆژهەلات و رۆژئاوا هەیە.

لە زمانی فارسیدا خالە بۆ خوشکی دایکەو عمە بۆ خوشکی باوك، بەلام لە کوردیدا هەردوکیان هەر پورە.

ئەو کەرەستانەی کە لە هەر زمانێکدا هەن، کۆزانیاری تاکەکان دەستنیشاندەکەن، کە بەشێکیان وشەی نەگۆڕن و بۆماوەیەکی زۆر لە مێشکدا دەمێننەوە. وەك (دەست، چاو، دار، بەرد،...هتد)، بەڵام هەندێکی تریان بە رێگای داڕشتن و لێکدان دادەڕێژرێن، هەروەها وشە رێزمانییەکانیش لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکاندا رۆڵ دەگێرن، بۆ نموونە (ەکە، ان) لە زمانی کوردیدا دەچنە سەر ناو، ئەمانە دەبنە رایەڵەی پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەرو تایبەتمەندییە کلتورییەکان.

### ٣/٢ ) زمانی شیعر

هەر لە کۆنەوە ئەرستۆو ئەفلاتون گرنگیان بە زمانی شیعر داوە، شیعر بە جۆرێکی تایبەت لە بەکارهێنانی زمان دانراوە، بەکارهێنان بە هونەرێکی تایبەت دادەنرێت، چونکە وەك ئەفلاتون دەڵێت بە سێ هونەر پەیوەندی بە هەموو دەوروبەرەوە دەکرێت، ئەوانیش هونەری (بەکارهێنان، دروستکردن، لاسایی کردنەوە)یە، کە شیعریش جۆرە بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانە. ئەرستۆش پێی وایە زمانی شیعر لە زمانی ئاسایی جیاوازە، پێی وایە کە شاعیر بۆی هەیە زمانێکی جیاواز لە خەڵکی ئاسایی بەکاربهێنێت. (پەرێز، ٢٨١، ٢٨٢)

گومانی تێدا نییە بەکارهێنانی زمان لە دەقێکی زانستیو شیعرییدا جیاوازی زۆری تێدایە، چونکە لە حاڵەتی یەکەمدا، بریتیە لە پێوەرو خستنە رووی بەلگەی زانستی پێویست بۆ شتە نەچەسپاوەکان، بەڵام لە شیعردا مەبەست وروژاندن و دەربڕینی هەستو نەستێکی تایبەتیە. کەواتە لە هەردوو بارەکەدا زمان گرنگی خۆی هەیە، سەرجەم زانستەکان بە زمان گوزارشتیان لێدەکرێت، زۆر گرنگە بە باشترین شێوە ئەو زمانە بەکاربهێنرێت، بەڵام زمانی شیعر زمانێکی تایبەتە، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمانی تایبەت لەلایەن شاعیرەوە دروست دەبێت.

زمانو دەروونی مرۆڤو درککردن زۆرجار وا بەناو یەکدا چوون، هەندێکجار جیاکردنەوەیان و دانانی یەکێکیان بە گرنگو سەرەکی کارێکی ئەستەمە، بە گۆڕانی لایەنی دەروونی مرۆڤ، دەربڕینە شیعرییەکانیش دەگۆڕێن، لایەنی دەروونیش کاریگەری درککردنی لەسەرە، شاعیر سەرچاوەیەکی گرنگی نوێ بوونەوەی زمانە، چونکە درککردنی شاعیرو لایەنی دەروونیو داتاکانی شاعیرو هێماو دەربڕینەکانی زمانێکی جیاواز



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەرهەمدێنێت، هەستو نەستی شاعیر بە بەردەوام نوێدەبنەوەو ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕان لە فۆرم و واتاداو بە زمانێکی جیاواز دەردەبڕێت، کە بەردەوام زمانێکی نوێ و تایبەت بەکاردێنێت. (پەرێز، ٢٨٤)

زمانی شیعر ئەو زمانەیە، کە کۆمەڵێك تایبەتمەندی زمانەوانی هەیە، کە پەیڕەوی یاسا زمانییەکان دەکات، کە ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی، لە هەر سەردەمێکدا بەرگێکی نوێ بە بەر شیعردا دەکرێت، جوانی لە شیعرەکە دەردەخات، ئەو زمانە لەوە دەردەچێت، کە تەنها ئامرازێك بێت بۆ دەربڕین، بەڵکو خۆی دەبێتە داهێنانێکی نوێو سەردەمیانە. (پەرێز، ٢٨٥)

تایبەتمەندی زمانی شیعر پەیوەندی بە کۆزانیاری شاعیرەوە هەیە، کە دنیابینیەکی تایبەتی بەرامبەر رووداوەکانی دەوروبەر هەیە. ئەرکی شاعیر بەرزڕاگرتنی زمانی شیعرییەکەیەتی، کە لە فۆرمێکی گشتیەوە دەیگۆڕێت بۆ فۆرمێکی تایبەت و دەنگێکی تایبەت، چەند داهێنەر بێت لە خولقاندنێکی زمانێکی تایبەتدا، هێندەش داهێنەرە لە وێنەی جوانو دەنگی تایبەتدا، ئەمانەش بەرهەمی کۆزانیارییەکی تایبەتی شاعیرن، درککردنێکی تایبەتی هەیەو هەستەکانی بۆ بابەتی تایبەت پەلکێش دەبن، لە ئەنجامدا بەرهەمێکی ئاوێزە بەو زمانە بەرهەمدێت، واتە لە یەکگرتنی فۆرم و واتا بە زمانی تایبەت گوزارشت لە هەستو نەستی خۆی بەرامبەر دەوروبەر دەکات.

کۆزانیاری شاعیر کە لە هەستو درککردنی بەرامبەر رووداوە هەستیارەکان سەرچاوە دەگرێت، لەوێوە چەندین کۆزانیاری زمانی لە مێشکیدا هەڵدەگرێت، بەڵام ئەو کۆزانیارییانە هیچ بەهایەکیان نییە تا فۆرمێکی زمانی وەرگرنو چ بە نووسین یا گوتن دەرنەبڕێن.

شاعیر بە خەیاڵ و هەستەکانی شتەکان دەردەبڕێت، بەپێ ئەو کۆزانیاری و دنیابینیەی خودی خۆی هەیەتی، زمانێکی تایبەتی نائاسایی واتای تایبەت بە وشەکان دەبەخشێت کە هەندێکجار بە زمانی خوازە ناسراوە، کە زمانێکی چالاکەو ئاماژە بۆ لایەنی نەبینراو دەکات، وشەکان لە واتا فەرهەنگیە باوەکان دەردەچن و رەهەندێکی تر وەردەگرن.

شاعیر بۆ بەبەرداکردنی مانای نوێ بۆ شیعرەکان، پەنا بۆ (لادان لە واتا بنەڕەتیەکە، داهێنانی واتایەکی نوێ، یاریکردن بە وشەکان) دەبات.

شاعیرانی کوردیش لەم هونەرە بێبەش نین، بایەخیان بە زمانی شیعر داوە، بەپێی سەردەمەکان ئەم زمانەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کە گۆڕان لە فۆرم و قاڵبی شیعریدا نەبووەتە هۆی لەدەستدانی زمان، بەڵام گۆڕانکاری زمانیش خۆی لە خۆیدا پێ بەپێی گۆڕانکاری ناوەرۆك بووە.

ئەرکی زمان و کۆزانیاری زمانی ئەرکێکی قورسن لەسەر شاعیر، چونکە دەبێت بەمەبەستی گەیاندنی باشترین و جوانترین واتا شاعیر دەسەڵاتی خۆی بەکاربهێنێت، وشەکان کە موڵکی خەڵكو نەتەوەیە لە یەکگرتنی بیرو دەنگ پێکهاتوون، کە شاعیر زۆر وەستایانە ئەو وشانە بەکاردێنێت، چونکە بیرێکی قووڵ و لێکدانەوەو درککردنێکی ئاسایی هەیە، کە کەسانی ئاسایی ئەمەیان تێدا نیە. لەناو شاعیرانیشدا پۆلێنبەندی هەیە، کە شاعیران یەك ئاستیان نییە لەم بەکارهێنانەدا، چونکە شاعیرەکان کۆزانیاریو دنیابینییان دەربارەی دەوروبەر جیاوازە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زمان بە بڕبڕەی پشتی شیعر دادەنرێت.

زمانی شیعر زمانێکە، کە شاعیر بەهۆیەوە دنیابینی خۆیو ئەزموونی خۆی لە ڕێگەی وشەکانەوە دەردەبڕێت، شاعیر بەپێی هەستو سۆزو درککردنی خۆی وشەکان هەڵدەبژێرێت، ئەو وشانە کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروست دەبێت، هێندەی هێزی وشەکان کاریگەرییەکە هێزی دەبێت، واتە چەند وشەکان پڕماناو پەیامیان ڕوونو ئاشکراو بەدڵی خوێنەر یا گوێگربن هێندەش ئەو کاریگەرییە لای بەرامبەر ڕەنگ دەداتەوە. هەر ئەوەش وای کردووە لە شیعری هەندێك لە شاعیرەکان لە هزرو ئاوەزماندا دەمێنێتەوە، هەندێکی تریان کاتینو بە زیندوویی نامێننەوە.

زمانی شیعر لە شیعرەکانی فەرەیدوون عەبدوولدا، زمانێکی تایبەتەو شێوازێکی تایبەت بە شاعیر خۆیەتی، لە زمانو وێنەو ڕەگەزەکانی تری شیعردا جیاوازە، شیعرەکانی کاریگەرن، هەرچەند زۆرجار زمانێکی تایبەتە، بەڵام پڕچێژو ڕوونو تێگەیشتنیان ئاسانە، بەجۆرێك وشەکان ڕیزکراون وەك دەنکی تەزبیح یەکتر تەواودەکەنو لەگەڵ هەر دێرێکدا چاوەڕێی دێری تر دەکرێت، گوێگرو خوێنەر زۆر بەتاسەوە گوێیان لێدەگرێتو دەیانخوێنێتەوە، دەنگو مۆسیقای تایبەتیان تێدایە، ئەو وشانە بەکاردێنێت کە کۆمەڵ تێیاندەگاتو دوورن لە ئاڵۆزیو سەرقاڵکردنی بەرامبەر بە گەڕان بەدوای واتای وشەکاندا، ئەوەش وەك گەورەترین تایبەتمەندی زمانی شیعر، ئەوەیە کە ڕوونو ئاشکرابێت، زیندووبوونەوە بە دەق دەبەخشێت، لەگەڵ شیعرەکاندا وشەکانیش بە زیندوویی لە هزردا دەمێننەوە، سەرچاوەی شیعرەکانی فەرەیدوون لە خەڵکەوەیەو بۆ خەڵکە، بەڵام شاعیر بەهۆی نیشانە واتاییەکانەوە، واتای تایبەت بە وشەکان دەدات، چونکە درککردنی تایبەتی هەیەو هەستەکان جیاوازن (کەژاڵ حەمەئەمین ئەحمەد، ٢٣).

بەکارهێنانی وشەو یاریکردن بە وشەکان، کۆزانیاری شاعیر دەردەخات، کە چەندە پڕ لە زانیاریو کۆزانیاری، هەستی ناسکی شاعیرو درککردنی بە دەوروبەر وای لە شاعیر کردووە زۆر وەستایانە وشەکان بەکاربهێنێت، وشەی جۆراوجۆری بەکارهێناوە، کە وشەی نامۆو ناوێزە نین، بەڵکو زۆر جوان بە وێنەی تابلۆیەك نەخشێنراون، شیعرەکانی پڕن لە وشەی کوردی پەتی وەك (پەلە، قوژبن، خۆر، کێڵگە.. هتد). نەك تەنها وشە کوردییە پەتییەکانی بەکارهێناوە، بەڵام زۆرجار هێندە وابەستەیە بە شێوازی سلێمانییەوە، چونکە کۆزانیارییەکانی ئاوێتەن لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیدا، بۆ نموونە (ئەوەی، ئەخەی، ئەپێچاوە، ئەپۆشن..هتد). ئەمەش بەڵگەیە کە شاعیر درککردنو هەستی لە دەوروبەرەوە وەرگرتووە، هیچ داتاشینو دروستکردنێکی زۆرە ملێ لە شیعرەکاندا نابینیت، لەم شێوە زارەدا (ئە) لەبری (دە) بەکاردێتو جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك (ت) دەرنابڕێت (کەژاڵ، ٢٥).

زمان ئاوێنەی کلتورو ڕۆشنبیریو ئایینی نەتەوەیە، بۆیە لە شیعرەکانی فەرەیدووندا زمانو کلتور هێندە بەیەکداچوون، کە وشەکان بوون بە هەڵگری بیرە کلتورییەکان بەو ناوەڕۆکە کلتورییەوە بەکاردەهێنرێن، کە زۆرجار کلتورێکی ئایینی لەخۆدەگرن، ئەمە نەك تەنها لای ئەم شاعیرە، بەڵکو شاعیرە کلاسیکەکانیش، وشە ئاینەکانیان بەکارهێناوە، ئەم چەشنە وشانە ئەگەرچی کەمن، بەڵام بوونیان هەیە، وەك (هابیل، گۆڕستان، دەستنوێژ، مزگەوت، شێخو دەروێش..هتد).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەو وێنە شیعرییانەی كە شاعیر بە وشە دەربڕیوون، ئاماژ   ەشە بۆ هێزو دەسەڵاتی لە كۆزانیارییدا، كە وەستایانە بەو وشانە فرێزو دەستەواژەی زۆر جوانی بەكارهێناوە، كە تایبەتە بەخۆی، بۆ نموونە (دڵی شەو، چاوی هەڵبەستم، جورتێ خۆر.. هتد) (كەژاڵ، ٢٩).

ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان زمانو بیر وشەكانن، ئەو بیرە نەتەوەییە كە كۆزانیاری شاعیر پڕاوپڕدەكەن، درككردنی شاعیرە، بە كێشە نەتەوەییو نیشتمانیو چینایەتییەكان، شاعیر كارەساتەكانی هەڵەبجەو ئەنفال لە هزریدا دەزرنگێنەوە، بۆیە دەیانكات بە كەرەستەی شیعرەكانی، ئەمەش زیاتر لە كۆزانیاری ئەنسكلۆپیدیادا جێیان دەبێتەوە.

كۆزانیاری شاعیرێكی كوردی وەك فەرەیدوون، پڕە لە جوانی سروشتو دەشتودەری كوردستان وەك (بەهار، پەپوولە، پایز، سیروان هتد).

شیعرەكانی شاعیر پڕن لە وشەو دەربڕینی جۆراوجۆر، كە هەڵگری بیرو هزرو درككردنی جیاوازو تایبەتن، هەریەكێك لەو وشانە ماناو مەغزای تایبەت هەڵدەگرنو پێویستیان بە لێكدانەوەی تایبەت هەیە، كە كۆزانیاری شاعیر پشان دەدات، كە چەندە دەوڵەمەندو پڕ زانیارییە، كە سەیری وشەكان دەكرێت، وا هەست دەكرێت هەر وشەیەك پێشینەیەكو ڕووداوێكی تایبەتی لە پشت بێت، كە بەشێكیان ئاماژەن بۆ كۆزانیاری خودی شاعیرو بەشێكی كەمیان ئاماژەن بۆ كۆزانیاری گشتی، چونكە زیاتر دەربڕینی ناخی شاعیر خۆیەتی نەك باسێكی گشتی، هەرچەندە لە هەندێك لە شیعرەكانی هەڵگری خەمی نەتەوەو میللەتن، بەڵام دیسان ئەمانیش هەر تایبەتن بە شاعیر خۆی كە لە شیعری تر ناچن، بەڵكو شێوازی تایبەتی فەرەیدوون خۆیەتی.

بەهۆی زۆریو جۆراوجۆری دووبارەنەبوونەوەی وشەكان، بە باشمان زانی تەنها ناونیشانەكان لێكبدەینەوە، چونكە پێمان وایە ناونیشان كۆكراوەی بیرو هەستو سەرجەم كۆزانیارییەكانە، خودی ناونیشان واتای گرنگیدان بەو بابەتەی كە كراوە بە ناونیشان، یاخود زۆرجار شاعیر بە مەبەست ناونیشانێك هەڵدەبژێرێت، بۆئەوەی بەدوایدا شرۆڤەو پەسنی ئەو ناونیشانە بكاتو سەرنجی بەرامبەر بۆخۆی ڕادەكێشێت.

ناونیشانی شیعرەكانی فەرەیدوون عەبدول جۆراوجۆرو جیاوازن لە ناونیشانی شاعیرانی تر، چونكە:

١. هەڵگری كۆزانیاری تایبەتن.
٢. ناونیشانەكان زۆربەیان تەنها وشەیەك نین، بەڵكو فرێزو وشەشن.
٣. بەشێك لە ناونیشانەكان پرسیارن.
٤. بەشێكی تریان داخوازی فەرمانن.
٥. بەشێك لە ناونیشانەكان لەو جۆرەن، كە داوای وشەی تر دەكەن، واتە ڕستەی شوێنكەوتووییان پێویستە.
٦. چەند ناونیشانێكی زۆر بە ئاشكرا خودی خۆیو خۆشەویستەكەیەتی وەك (من، تۆ، ئەو).
٧. ئێواران لای شاعیر مانی تایبەتی هەیە.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٨. زۆرجار بەشێك لە وشەكان لە خودی شاعیرەوە توانای گواستنەوەیان بۆ گشتی هێندە بەهێزە، بوون بە چەمكی گشتی، كە ئەمەش بەڵگەی كۆزانیاری توانای شاعیرە بۆ هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانانەی كە هێزیان زیادە.

## ٤/٢ ) چەشنەكانی كۆزانیاری لای شاعیر:

وەك لە بەشی یەكەمدا ئاماژەمان بە چوار جۆری سەرەكی كۆزانیاری (لۆجیكی، سیمانتیكی، گریمانەیی، سیستماتیكی) كرد، بەڵام لای فەرەیدوون عەبدول چەشنی كۆزانیاری لۆجیكیو سیمانتیكی بەئاشكرا لە ناونیشانی شیعرەكاندا دەدۆزرێتەوە، چەشنی لۆجیكی، واتە بە لۆجیك ئاماژە بە ڕاستی شتەكان دەدرێت، واتە هەر كۆزانیارییەك بەر خانەی لۆجیكو ڕاستی بكەوێت، لە كاتو شوێنی ڕاستییەكان دانەبڕێت. ئەقڵو مەنتیق ڕێیان پێدەدات، بەڵام ئەزموونی كەسی شاعیرە، كە خۆی پێیدا تێپەڕبووە، بەلانی كەمەوە هەستەكانی دركیان بەو وشەو دەربڕینانەی كە ناونیشانەكانی پێداناوە كردووە، بۆنموونە (من، تۆ، منوتۆ، ئەو، بانگت دەكەم، كە بیر لەتۆ ئەكەمەوە، ئاخۆ ئێستا، یادەكانم، بیرت دەكەم، گەرانە..هتد)، ئەمانەو چەندین ناونیشانی تر لۆجیكی شاعیرن لەو چەشنە كۆزانیارییانەن، كە هەستو دركردنی شاعیر دەیانگرێتەوەو پەیان پێدەبات، لای ئەو خەیاڵی ڕاستینو لەم وشەو دەربڕینانەدا ئەقڵو هۆشی بیری شاعیر لەگەڵ ئەزموونی خۆیدا یەكانگیربووەو، ئەو ناونیشانانەی بەرهەمهێناوە.

چەشنی دووەمی كۆزانیاری شاعیر، كۆزانیاری سیمانتیكی یە، واتە شاعیر ئەو وشانەی بەكارهێناوە، كە لە فەرهەنگدا تۆماركراون، كۆزانیاری واتایینو باوەڕپێكراون، ئەم جۆرە لە كۆزانیاری ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە زمانەوە هەیە، ئەو واتایانەش لە ئەنجامی هەستكردنو دركپێكردنی ئەقڵو ئەزموونی پری شاعیرە، كە هێندە وەستایانە ئەو ناونیشانانەی بەكارهێناوە، كە وشەكان لە فەرهەنگدا واتای خۆیان هەیە، بەڵام شاعیر زۆر جوان لە ناونیشانەكاندا هەڵیبژاردوون، وشەی نامۆو ناوێزەو تەنانەت وشەی بیانی لە ناونیشانەكاندا نابینرێن، سەرجەمیان وشەی كوردی پەتین، لە هەناوی كۆمەڵی كوردیدا بەكاردەهێنرێت، هەرچەندە لە بەكارهێناندا ساناو ساكارن، بەڵام لە واتادا هێندە پڕمانان خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەكێشێت.

چەشنی سێیەم لە شیعرەكاندا، كۆزانیاری سیستماتیكە، لە زماندا واتا پەیڕەوی سیستمو یاساكانی زمان بكرێتو لادانی زمانی تێدانەبێت، دەتوانین ئەوە دەستنیشان بكەین كە ناونیشانەكان (وشەو فرێزو ڕستە)ی تێدایە، كە لەلایەك ئەركەكانی زمانی جێبەجێكردووە، لەلایەكی ترەوە لە یاسا زمانییەكان لاینەداوە، ئەمەش هێندەی تر ڕوونیو چێژی بە شیعرەكان بەخشیوە، كە بەشێكیان وشەن، بەڵام ئەوانەی كە فرێزو ڕستەن لە یاسا زمانییەكان لایان نەداوە وەك (دەنگێكی یاخیبوو، خەمی گەورە، عەشقی ئێمە، ئەمشەو بێدەنگی دەمكوژێ، بەیانیت باش، بۆچی با دەنگت ناهێنیٚ؟، كە ئەتبینم شیعرم بۆدێ..هتد).

چەشنی چوارەم، كە كۆزانیاری گریمانەییە (بۆچوونی) یە، لە ناونیشانی شیعردا جێی نابێتەوە، چونكە ئەم چەشنە لە كۆزانیاری پێویستی بە گریمانە دانانو بەدواداچوونو تاقیكردنەوەو ئەنجامە، هەرچەندە ئەگەر لێكدانەوە بۆ كۆی دەستە شیعرییەكان بكرێت لەوانەیە ئەم چەشنەش لە كۆزانیاری لە شیعرەكاندا هەبێت،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

به‌ڵام ناونیشانه‌كان زیاتر ئه‌نجامی كۆزانیاریو ئه‌زموونی هه‌ستو دركی شاعیره‌، كه‌ پێی گه‌یشتووه‌، نه‌ك گریمانه‌و تاقیكردنه‌وه‌.

## سه‌رچاوه‌ی كۆزانیاری شاعیر:

شاعیر به‌پێی ئه‌و توانا ئه‌قڵیو زمانییه‌ی كه‌ هه‌یه‌تی، كۆمه‌ڵێك زانیاری ڕۆشنبیریو زانستیو كلتوری لا گه‌ڵاڵه‌ بووه‌، وه‌ك پێشتر ئاماژه‌ی پێكرا سه‌رچاوه‌ی كۆزانیاری ئه‌زموونو دركردنو هه‌سته‌، كه‌ ئۆرگانه‌ هه‌ستییه‌كان (بینین، بیستن، بۆنكردن، تامكردن، ده‌ستلێدانن، هه‌سته‌ ناوه‌زییه‌كان)نن، سه‌رچاوه‌ی هه‌ر كۆزانیارییه‌ك جیاوازه‌، به‌ڵام دركردن لێكده‌ره‌وه‌و شیكه‌ره‌وه‌ی كۆزانیارییه‌، لێره‌دا دركردنو هه‌ستی شاعیر به‌رامبه‌ر ڕووداوه‌كان، وێنه‌ی جوانو شیعری تایبه‌تی به‌رهه‌مهێناوه‌، به‌ڵام دركردنو هه‌ستی شاعیر له‌گه‌ڵ ئه‌قڵدا یه‌كانگیربوونه‌ته‌وه‌، كۆمه‌ڵێك ناونیشانی به‌رهه‌مهێناوه‌، كه‌ سه‌رچاوه‌كه‌ی ده‌وروبه‌رو خوێندنه‌وه‌ی خودی شاعیره‌ به‌رامبه‌ر ڕووداوه‌كان، ئه‌مه‌ش تایبه‌تمه‌ندی خه‌سڵه‌تی فه‌ره‌یدوون عه‌بدوله‌، كه‌ هیچ كاتێك دووره‌په‌رێز نه‌بووه‌ له‌و ڕووداوانه‌ی كه‌ له‌ ده‌وروبه‌ریدا ڕووده‌ده‌ن، بۆنموونه‌ هه‌ستو ویژدانی به‌رامبه‌ر ئه‌و كاره‌ساتو ڕووداوانه‌ی كه‌ له‌ ده‌وروپشتدا ڕوویانداوه‌، ناونیشانی (هه‌ڵه‌بجه‌، ٣/٧، یه‌كگرتووبن، گه‌ر..هتد).

هه‌ریه‌ك له‌و ناونیشانانه‌، ناسۆرو ئازاری خودی شاعیره‌، به‌رامبه‌ر نه‌ته‌وه‌و میلله‌ته‌كه‌ی، كه‌واته‌ بیرو هۆشی شاعیرو هه‌ستو دركردنی به‌رامبه‌ر ڕووداوه‌كانی كوردو كاره‌ساته‌كانی كورد وایكردووه‌، ئه‌و شیعرانه‌ بنووسێت، كه‌ ناونیشانه‌كانیان هه‌ڵوێستو به‌رگریو خۆشه‌ویستی شاعیر بۆ خاكو نیشتمان ده‌رده‌خات.

## پێكهاته‌ی كۆزانیاری ناونیشانی شیعره‌كان :

كۆزانیارییه‌كان كۆمه‌ڵێك هێمای جۆراوجۆرن، هه‌ر ناونیشانێك له‌ ناونیشانه‌كان، ئاماژه‌یه‌ به‌ واتایه‌كو كۆی ئه‌و ڕووداوانه‌ی كه‌ شاعیر ده‌یه‌وێت له‌ ده‌قه‌كه‌یدا گوزارشتیان لێبكات، ناوه‌ڕۆكێكی دیاریكراوییان هه‌یه‌، كه‌ هه‌ر یه‌كێكیان هێمان بۆ ڕووداوه‌كان، به‌ڵام هێمایه‌كی واتادار، كه‌ هه‌ندێكی په‌یوه‌ندی به‌ خودی شاعیره‌وه‌ هه‌یه‌، واته‌ خۆی ده‌توانێت، ئه‌و هێمایانه‌ ڕوونبكاته‌وه‌، به‌ڵام هه‌ندێكی تریان خوێنه‌رو گوێگر له‌ ده‌قه‌كانه‌وه‌ هێماكانیان بۆ ڕوون ده‌بێته‌وه‌، جگه‌ له‌ هێماكان، واتاكانیش ئه‌و زانیارییانه‌ن، كه‌ ده‌توانرێن شیبكرێنه‌وه‌و ڕێكبخرێنو پێوه‌رێكن بۆ بڕیاردان.

## ٥/٢ ) پێكهاته‌ی ناواخنی واتای وشه‌ له‌ ناونیشانی شیعره‌كاندا :

هه‌ر له‌ وشه‌ به‌كارهێنراوه‌كان، له‌ په‌یوه‌ندییه‌كی واتاییدان، كه‌ له‌ یه‌كگرتنی فۆرمو ناوه‌ڕۆك یاخود ده‌نگ واتا وشه‌كان به‌رهه‌مهاتوون، هه‌ر وشه‌یه‌ك واتایه‌كی تایبه‌تی هه‌یه‌، كه‌ له‌ ئاگاییه‌وه‌ هه‌ڵبژێردراوه‌، وشه‌كان به‌پێی به‌كارهێنانو ناونیشانه‌كان قاڵبێكی واتاییان هه‌یه‌، كه‌ كۆمه‌ڵ لێیان تێده‌گاتو هیچیان وشه‌ی نامۆ نین به‌ ده‌وروبه‌ر، ژماره‌ی وشه‌ به‌كارهاتووه‌كان زۆره‌و ئه‌مه‌ش به‌ واتای ده‌وڵه‌مه‌ندی شاعیره‌ له‌ كۆزانیارییه‌


كۆنفرانسی ( كاریگه‌ری زمان و ئه‌ده‌ب له‌سه‌ر بنیادی هزری و درێژه‌پێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فرمانییەکانی فەرهەنگدا، توانای درککردنی شاعیرە لە چۆنێتیو چەندێتی بەکارهێنانی ئەو وشەو فرێزو ڕستانە لە ناونیشاندا.

واتای وشەکان پەیوەندییە واتاییەکانیانن، کە هەر وشەیەك نیشانەیەکی واتایی هەیە، کلیلی سەرکەوتنی شاعیر دەستنیشان دەکات.

وشەکان لە کۆزانیاری زمانیدا، گرنگی خۆیان هەیە، چونکە هەڵگری واتای سایکۆلۆژیو ڕێکخستنی ناوەزی شاعیر پیشان دەدات، کە زۆرجار بە ئومێدەوە هەندێکجاریش بە نائومێدی، زۆرجاریش چاوەڕێکردن، داڕشتەی ناونیشانەکانن.

فێلدر کێڵگەی واتایی وشەکان لای شاعیریش دوو چەشنن، چەشنێکیان گشتین، کە جیهانییە لای هەمووان یەك واتای هەیە وەك (من، تۆ، ئەو، چاو، شەو، بەفر..هتد).

چەشنێکی تریان تایبەتییەکانن، کە پەیوەستن بە کلتورو ڕۆشنبیری زمانی کوردییەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، زیاتر گرنگی بە پەیوەندییە واتاییەکان دراوە، چونکە ئەو پەیوەندییانەیە، وێنە شیعرییەکان دروستیان کردوون. ئەو پەیوەندییانەش لە وێنەیەکدا پەیدادەبن، کە پڕن لە کۆزانیاری شاعیر، کە لە ئەنجامی درککردن و هەست و ئەزموونی شاعیر لەگەڵ بەرکەوتنی لە کۆمەڵدا بەرهەمی هێناون.

وێنە شیعرییەکان، کە لە ئەنجامی ئاوەزمەندی شاعیرەوە بەرهەم دێن، هەندێکجار بە وشە یاخود فرێز یاخود ڕستە گوزارشتیان لێدەکرێت.

لە دیوانی شاعیردا نزیکەی (٨٥) ناونیشانی جیاواز هەیە، بەڵام ئێمە (١٠) ناونیشانمان هەڵبژاردووەو بەپێی نیشانە واتاییەکانیان شیکارییان بۆدەکرێت، ئەوانیش بریتین لە: (ئەی ناسکتر لە شیعری جوان، حەزێکی شێت، ڕابردوو وا بەشوێنتەوە، ئەی کچی وڵاتی بەفر، نیگای حەزێکی ئاوارە، هەناسەی دەریایەك لە ناسۆر، خەرمانی وشەکانم، بۆچی با دەنگت ناهێنێ، دڵیش وەك شووشە دەشکێت، مەرگی بێ دەنگ). بەکارهێنانی هەریەك لەو وشەو فرێزو ڕستانە، بەجۆرێك ڕێکخراون، کە ڕێکخستنی ڕێزمانیو واتاییان تێدا بەدیدەکرێت.

بەکارهێنانی ئەو وشانە بەمەبەستی واتاگەیاندنە، چونکە هەریەك لەو وشانە لە یەکگرتنی بیرو دەنگ بەرهەمهێنراون، بەمەبەستی گەیاندنی واتا، ئەمجۆرە بەکارهێنانە لە ناونیشانەکاندا ڕێکخستنی واتایی و ڕێزمانی بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت. هیچ یەکێك لەو وشانە، وشەی نائاسایی و بەکارنەهێنراوی ناو کۆمەڵ نین، وشەی خەیاڵی نین، بەڵکو وشەی جوانو سەرنجڕاکێشن و لە زمانی کوردیدا بەهاو نرخی خۆیان هەیە، ئاخێوەری زمانی کوردی زۆر بەئاسانی دەیانناسێتەوە.

شاعیر هەوڵی داوە داهێنان لە زمانی شیعریی خۆیدا بکات، هەرچەند زۆرجار وەك لادان سەیری ئەو داهێنانە دەکرێت، بەڵام بەخشینی واتای نوێ بە وشەکانیش خۆی لە خۆیدا داهێنانە.

یاسای لادانەکان بەپێی نیشانە واتاییەکان دەدۆزرێتەوە، بۆ نموونە جیاکردنەوەی واتای سەرەکیو واتای لاوەکی، یاخود واتای هۆشەکیو واتای بارکراو بەو پەیوەندییەو نیشانە واتاییەکان ڕوون دەبنەوە. (د.محەمەدی مەحوی، د.کاروان عومەر، شیلان عومەر، ١١٦)

ناونیشانەکان کۆکەرەوەی بیرو هزرو ئەندێشەی شاعیرن، هەر دەربڕاوێك بووبە ناونیشان، بەهاو نرخی تایبەتی هەیە، بەڵگەیە بۆئەوەی کە شاعیر بەمەبەست هەڵیبژاردووە، لەم باسەشدا زیاتر گرنگی بە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ناونیشانەکان دراوە، چونکە پێمان وایە مشتێك نموونەی خەروارێکە، هەر ناونیشانێك کۆمەڵێك واتاو چەمکی لەخۆگرتووە، دەستنیشانکردنی نیشانە واتاییەکانی دەقەکان کاتێکی زۆرترو شیکارییەکی فراوانتری دەویست، کە بۆ ماستەرنامە یاخود تێزێکی دکتۆرا دەست دەدات، هەڵبژاردنی ئەو (١٠) ناونیشانە تەنها رێکەوتە، ویستو حەزی خۆمانە، دەنا هیچ باگراوندێکی تایبەتی لەپشتەوە نییە. ئەوانیش بریتین لە:

١) **ئەی ناسکتر لە شیعری جوان:** (فەرەیدوون عەبدوول، ١٩)

هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە خۆی لە خۆیدا سەرنجڕاکێشەو وا لە خوێنەر دەکات، هەرزوو دەقە شیعرییەکە بخوێنێتەوەو بەدوای تەواوکەرەکەیدا بگەڕێت، کە کێ و چی لە شیعری جوان ناسکترە.

نیشانە واتاییەکانی هەریەك لە وشەکان:

ئەی:
+ ئامرازی هەست دەربڕ
+ سەرسوڕمان
+ گومان
- پرسیارکردن

ناسکتر:
+ ئاوەڵناو
+ دەرخەر
+ نابەرجەستە
+ نرخپێدان
+ جوانی
+ بەهاداری

شیعر:
+ نووسین
+ هۆنراوە
+ خەیاڵ
+ بیر
+ هەست
+ زمان

جوان:
+ ئاوەڵناو
+ بەهاداری
- ناشرینی
+ ناسکی
+ بیر

لێکچواندنی نێوان کەرەستەکان سیمایەکی دیاری ئەم ناونیشانەیە، کە هەستی جوانی شاعیرو بینین و هەستکردن بە جوانی لای شاعیر بەکارهێنانی (ناسك و جوان) وەك دوو ئاوەڵناو، لەگەڵ شیعردا هاوتەریبی کردوون و نرخ و بەهای پێداون، کە وشەی (ئەی) بۆ سەرسوڕمان بەکاردێت، لێرەدا ئامرازێکی هەست دەربڕی وەسفیە، ئەو کۆزانیارییە زمانییەی شاعیر هەیەتی، سەلیقەکەیەتی کە بە نیشانەکانی چوونیەکی دروستکردووە، کە هەریەك لە وشەکانی (شیعرو ناسك و جوان) وشەی نابەرجەستەو بەهادارن و جوانو بیرو ئەندێشەیان تێدایە، وشەی ناسك لەباری ئاساییدا بۆ ئافرەت یاخود کەلوپەلێکی ناسك و جوان بەکاردێت، بەڵام شاعیر لەگەڵ



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وشەی شیعردا هاوتەریبی کردووە، واتایەکی بارکراوی داوە بە (شیعر)، کە ناسکییە، (شیعر)یش کە وشەیەکی بێگیانەو گیانی کردووە بە بەرداو چواندویەتی بە خۆشەویستەکەی.

ئەم لێکچواندنە بنەمایەکی زۆر کۆنی هەیە، کە زۆرجار خۆشەویستەکانیان لە شتە کۆنکرێتیەکانی دەوروبەر بە جوانترو ناسکترو...هتد دەزانن، وەك چۆن لای مەولەویش رەنگی داوەتەوە، کە رووی خۆشەویستەکەی لە گوڵ لا جوانترو ناسکترە،

گوڵ چوون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان

وە سزادان چوون سەیل دیدەی من جۆشان

ئەمەش دیسان دەوڵەمەندیو بەئاگایی شاعیر دەردەخات، لە بەکارهێنانی ئەوناونیشانەدا.

٢ ) **حەزێکی شێت:** (فەرەیدوون عەبدوول، ٢١)

ئەم ناونیشانە فرێزێکە، بەڵام واتایەکی ئاسایی نییە، بەڵکو واتایەکی بارکراوی تێدایە، کە شاعیر دوو وشەی جیاوازی لێکداوەو پێکەوە گونجاندوونی.

نیشانە واتاییەکانیان:

حەز:
+ ئارەزوو
+ خولیا
+ غەریزە
+ بێ سنوور
+ تێرکردن
+ وروژاندن
+ مرۆڤ
+ سەرکەشی

شێت:
+ بێ سنوور
+ مرۆڤ
+ زیندوو
+ نەخۆش
+ شکستی دەروونی
- ئارەزوومەندی
- ژیری
- کەسێتی
+ سەرکەشی

نیشانەکانی هەریەك لە (سەرکەشی، بێ سنووری) وەسفن بۆ خودی شاعیر، کە لێکچوونیان تێدایە، بەڵام لەلایەکی ترەوە (حەز) وشەیەکە ئارەزوومەندی تێدایەو خولیایە، بەڵام (شێت) وشەیەکە نائارەزوومەندانەیە، دوور لە دەسەڵاتی مرۆڤەو بەبێ ئاگایی مرۆڤ دەردەکەوێت، لەم ناونیشانەدا، کۆزانیاری زمانیی شاعیر بەجۆرێکە، کە زۆر بەوریاییەوە دوو وشەی هێناوە، کە لەلایەك دژیەکن، بەڵام لەلایەکی ترەوە وەکیەکیان تێدایە، ئەمەش درککردنی شاعیرەو ئەزموونیەتی لەگەڵ دەوروبەریدا، کە توانیویەتی بەمجۆرە ئەم وێنە جوانە لەم ناونیشانەدا دروست بکات، کە سەرکەشی بکاتە سیفەتێك بۆخۆی، لەکاتێکدا (حەز) خولیایەکە، بەڵام (شێت) بەبێ ویستی خودو نەخۆشییەکە نائارامی و شکستێکی دەروونی دەیهێنێتە ئاراوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٣ ) رابردووا بەشوێنتەوە:** (فەرەیدوون عەبدوول، ٤١)

ئەم ناونیشانە لە فۆرمدا رستەیەکی ئاساییە، واتە لە رووی رێزمانییەوە رستەیەکی دروستە، بەڵام لە رووی لۆجیك و واتاوە رستەیەکی بارکراوە چونکە (رابردوو) کە ئادڤێربڵە ئەرکی بکەری بینیوەو شاعیر سەرجەم خەم و ناخۆشیەکانی لەم وشەیەدا کۆکردوەتەوەو لەبری خەم و غەزەب و پەژارەی خودی خۆی بەکاریهێناوە.

نیشانەکانیش بریتین لە:

رابردوو
+ کات
+ کردەی مرۆڤ
+ پێش قسەکردن
+ وەستاوە
+ تێپەڕاندن
- گیانلەبەر
- رۆشتن

بەشوێنتەوە
- کات
+ جوان
+ هاوڕێیەتی
+ گیانلەبەر
+ شوێن
- جیابوونەوە

وێنەی شیعری ئەم ناونیشانە دژیەکی دروست کردووە، چونکە وشەی (رابردوو) وشەیەکی بێگیانەو توانای رۆشتنی نییە، کردەیەکە پێش قسەکردن روودەدات و تێپەڕبووە، راستە کردەی مرۆڤی تیا ئەنجامدراوە، بەڵام خودی وشەکە بێگیانەو توانای ئەنجامدانی هیچ کردەیەکی نییە، واتە وەستاوەو جوڵەی نییە، لەکاتێکدا وشەی (بەشوێنتەوە) بۆ مرۆڤ بەکاردێتو دەبێت دووکەس هاوڕێ بن تاوەکو ئەم کردەیە رێبازی خۆی بگرێتەبەر، وشەیەکە جووڵەی تێدایەو تایبەتە بە گیانلەبەرو جیابوونەوەیە لە دنیای دەورووپشتو دوو گیانلەبەر ئەو کردەیە هەڵدەبژێرن و هاوڕێیەتی یەکتر دەکەن.

گومانی تێدا نییە، کە رابردوو بە هەموو یادەوەرییەکانیەوە لەبیرناکرێت، سروشتی مرۆڤ بەجۆرێکە، کە ناتوانێت واز لە رابردوو بهێنێت و لەیادی بکات، ئەگەر ئەو رابردووە چاك یا خراپ بێت خۆ دەربازکردن لێی کارێکی مەحاڵە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤) **ئەی كچی وڵاتی بەفر:** (فەرەیدوون عەبدوول، ٥٩)

ئەی
- + ئامرازی هەست دەربڕ
- + سەرسوڕمان
- + گومان
- - پرسیاركردن

كچ
- + مرۆڤ
- + مێ
- + هەراش
- + جوان
- + ناسك

وڵات
- + شوێن
- + نیشتەجێبوون
- + خۆشەویستی
- + پابەندبوون
- + ناسنامە
- - گیانلەبەر
- + خاك
- + جێگیرەو چەسپاوە

بەفر
- + ئاو
- + ساردی و سپییەتی
- + خامۆشی
- + پاكی و بێگەردی
- + جوانی
- - گیانلەبەر
- + بێ باكی
- + وەرزییە
- + كاتیە

ئەم ناونیشانە یەكێكە لەو ناونیشانانەی، كە سەرنجڕاكێشەو لێكچوونی تێدایە، (ئەی) خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ سەرسوڕمان و تێڕامان، كە شاعیر بەكاریهێناوە. (وڵاتی بەفر) كە فرێزێكە، چەندین سیمای لەخۆی گرتووە، كە گونجاندن لەنێوانیاندا هەیە، پێكەوەهاتنیان ئاساییە، (كچی وڵاتی بەفر) بەهەمان شێوە سێ وشەن، پێكەوە رێكخراون و زۆرشت پێكیانەوە دەبەستێت، كە پەیوەست بوون بە سروشتو خاكو نیشتمانەوە، خاكو سروشت دوو شتن ناتوانرێت بەئاسانی دەستبەرداریان بێت، چونكە خاكو نیشتمان بەشێكن لە فەلسەفەی بوونو ژیان، هەروەك چۆن وازهێنان لە ژیان كارێكی ئاستەمە، شاعیر وازهێنانیش لە خۆشەویستەكەی بەهەمان شێوە دەبینێت، ئەگەر بە جەستەش لێی دووربێت، بەڵام ئەو هەر چاوەڕێیەتی بگەڕێتەوە، ئەمەش ئاوێتەبوونیەتی لەگەڵ خۆشەویست و نیشتمانەكەیدا.

٥ ) **نیگای حەزێكی ئاوارە:** (فەرەیدوون عەبدوول، ٧٣)

لەم وێنەیەدا لێكچوون هەیە، كە ناونیشانەكە فرێزێكە، وشەكان پەیوەندییان بۆ دروستكراوەو پێكەوە بەستراونەتەوە، نیشانە واتاییەكانیان بریتین لە:


كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نیگا
- + تێڕوانین
- + ناجێگیری
- + بینین
- + مرۆڤ
- + وێناکردن
- + چاوتێبڕین
- - جووڵە
- + غەریزە

حەز
- + ئارەزوو
- + خولیا
- + غەریزە
- + بێ سنوور
- + وروژاندن
- + مرۆڤ
- + بێ سنووری

ئاوارە
- + دەربەدەری
- + جووڵە
- + وێناکردن
- + بینین
- + بەجێهێشتن
- + کۆچەری
- + ناجێگیری

هەریەك لەو وشانە پەیوەندییەکی لێکچوونی پێکەوەی بەستوونو (نیگا) تێڕوانینێکی کورتو خێراو ناسەقامگیرە، لە چەند خولەکێکی کورتدا روودەداتو جووڵەی تێدا نییە، (حەز)یش زۆرجار وشەیەکی کاتییەو بەربلاوو بێ سنوورە، زۆرجار دوور لە دەسەلاتی مرۆڤە، واتە خولیایەکی کاتیە کە هەستەکان تێیدا بڕیاری لێدەدەن و ئارەزوویەکە بۆ شتێکی دیاریکراو، کە شاعیر وێنای خۆشەویستەکەی دەکات، وشەکانی بە حەزەکانی خۆی ئاوارەییو نیگاکانی پێکەوە ببەستێت، هەر ئاوارەیە بە شوێن نیگاکاندا.

ئەو حەزەی کە ئەو هەیەتی ناسەقامگیرو بەربلاوو فراوانو دوورەدەستو ئاوارەیە، ئەو هەر بەتەمایە، هەرچەند شتێك کە ئاوارەبوو بەئاسانی رام ناکرێتەوە.

٦ ) **هەناسەی دەریایەك ناسۆر:** (فەرەیدوون عەبدوول، ٧٩)

لەم ناونیشانەدا کە فرێزێکی کراوەیە، لێکچوونی تێدایە، کۆمەڵێك نیشانەی واتایی تێدایە، هەر نیشانەیەکیش بۆخۆی نیشانەی تر لەخۆدەگرێت:

هەناسە
- + بزاوی
- + ژیان
- + زیندویەتی
- + گیانلەبەر
- + قوولی
- + بێ ئارامی
- + بێ سنووری

دەریا
- + شەپۆل
- + بزاوی
- + بێ سنووری
- + قوولی
- + بزاوی
- + فراوانی
- + گیانلەبەر
- + ئارامی

ناسۆر
- + مرۆڤ
- + پەژارە
- + خەم و خەفەت
- + پێوەلکان
- + قووڵ
- + بێ سنووری


e-ISSN (2522-7130)	p-ISSN (2410-1036)

لای زوربەی شاعیرەکان زۆرجار هەناسە بە خەم و خەفەت چوێنراوە، چونکە هەردوکیان پێوانە ناکرێن‌و بێ سنورن‌و تایبەتن بە ژیان‌و بوون، ناسۆریش خۆی لە خۆیدا چەمکێکی بێ سنورە لە خەم و خەفەت و پەژارەی مرۆڤ، هەناسەو دەریا قووڵیان لەبن نەهاتووە، بەدرێژایی ئەو قووڵییەش ناسۆرەکان لەخۆدەگرن، هەرچەند هەناسە هۆکارە بۆ ژیان، بەڵام هێندەش لە گۆڕاندایە کە بەبەردەوامی هەناسەکان ساردو گەرم دەبن وەك دەریاکان جووڵەیان تێدایەو بزواوی هەناسەو شەپۆلی دەریاکان و قووڵی‌و فراوانی هەردوکیان و بێ ئارامی‌و بێ ئۆقرەیی هەردوکیان وێنەیەکی جوانی زمانیی لای شاعیر دروستکردووە، کە بوە بە هەوێنی هۆنراوەیەکی ناوازە، هەروەها چۆن لە دەریادا زۆرجار رزگاربوون ئاستەمە ئاواش کە خەم و پەژارە بە کەسێکەوە نووسا رزگاربوون کارێکی زۆر زەحمەت دەبێت.

خەمەکانیش وەك دەریا بێ سنورن، هەرچەندە لە وڵاتی ئێمە دەریامان نەبووەتە هەوێنی شیعری شاعیران، چونکە دەریامان کەسە، بەڵام کۆزانیاری شاعیرو ئەزموونی خوێندنەوەو ئەنجامی دنیابینی خودی شاعیر ئەم وێنە جوانەی لە ناونیشانێکدا بەرهەمهێناوە.

**٧) خەرمانی وشەکانم:** (فەرەیدوون عەبدوول، ٩٣)

ئەم ناونیشانە، لە فۆرمدا تەنها فرێزێکە، کە لە دوو وشەی سادە پێکهاتووە، بەڵام لە ناوەرۆکدا پڕیەتی لە نیشانەو واتای جۆراوجۆرو دەوڵەمەند، نیشانەکانیش بریتین لە:

خەرمان:
+ کشتوکاڵ
+ بەرەکەت
+ کۆکردنەوە
+ بەرهەم
- گیانلەبەر
- بیرو هەست و ئەندێشە
- ئاخاوتن

وشە:
+ بەرهەم
+ مرۆڤ
+ بەرەکەت
+ بیرو هەست و درککردن
+ ئاخاوتن
+ بێ سنوور
+ ئاخاوتن

خەرمانی وشەکانی شاعیر هێندە زۆرو زەوەندن، کە خۆشی پێی وایە وشەی (خەرمان) کە بۆ کشتوکاڵ‌و بەرهەمی چەند ساڵەیەتی، (وشە)کانی هێندەی ئەو خەرمانە پڕ بەرەکەت‌و پڕ بەرهەمن بۆ ئازیزەکەی، بیرو ئەندێشەو هەستی بێ سنووری شاعیرن بەرامبەر ئازیزەکەی، هەروەك چۆن وشەکان بێ سنوورو ناکۆتان، ئاواش خەم و حەسرەتەکانی ئەو ناکۆتایەو دەیەوێت ئەویش لەو خەمانەیدا هاوکاری بکات.

**٨) بۆچی (با) دەنگت ناهێنێ؟:** (فەرەیدوون عەبدوول، ١٥٣)

جیهان لە چوار رەگەزی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش (خۆڵ و ئاوو باو ئاگر)ن، ئەو چوار رەگەزە بە رێژەی جیاواز لە هەموو شتێکدا بوونیان هەیە، ئەم چوار بنەمایە لە فەلسەفەشدا باسکراون، کە ژیان‌و بوونی بێ دروست بووە، بەبێ یەکتریش نابن، چونکە سەرتاپای بوون لەوان پێکدێت.

شاعیران زۆر گرنگیان بەم رەگەزانە داوە، هەرچەندە دژیەکن، بەڵام بەبێ یەکتریش نابن.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەم ناونیشانە، ناونیشانێكی پرسیارئامێزە، كە نیشانەكانی بریتین لە:

با:
- + بێ سنوری
- + جوولە
- + گوێزەرەوە
- + دەنگ
- + ئاگاهێنەر
- + كپی

دەنگ:
- + دەنگ دەركردن
- + گوێزەرەوە
- + شەپۆل
- + كپ/خشۆك/دەنگدار
- + هەواڵ گەیاندن
- + ئاگاهێنەرەوە

هێنان:
- + گواستنەوە
- + مرۆڤ
- + جوولە
- + كپی
- + ئاخاوتن
- + كردە

هەریەك لە وشەكانی (با) و (دەنگ) نیشانەكانیان، هێندە لەیەك دەچن، كە شاعیر وێنەیەكی لێكچواندنی لێ بەرهەمهێناون، چونكە هەردوكیان وەك نامەبەرو پەیامبەرێك بەكارهێناوە، چونكە ئەركی (با) گواستنەوەی هەواڵەو بەئاگاهێنە، لە خۆیدا كپی و دەنگیان هەڵگرتووە، كە هەندێكجار كپ و زۆرجاریش بەپێچەوانەوە وروژم دێنن، پەیامی خۆیان دەگەیەنن.

٩) **دڵیش وەك شووشە ئەشكێ:** (فەرەیدوون عەبدوول، ١٥٧)

لێكچوون لەم ناونیشانەدا هەیە، كە شووشە هەمیشە لەوانەیە بشكێت، شاعیر بەشێوەیەكی خوازەیی ئەم وشەیەی بەكارهێناوە، كە شكاندنی دڵ لە شكاندنی شووشەی ئاسایی قورسترە، بەلاَم شوشەی ئاسایی شكاندنی ئاساییە هێندە كاریگەری نییە، چونكە شتێكی بەرجەستەیەو دەستكەوتنەوەی كارێكی ئاسانە، بەلاَم شكاندنی دڵ كارێكی ئێجگار قورسەو بەئاسانی ناشكێت، بەلاَم كە شكاش چاك نابێتەوە. نیشانە واتاییەكانیان بریتین لە:

دڵ:
- + ئەندامێكی لەشە
- + مرۆڤ
- + لێدان، ژیان
- + ناسكی
- + درككردن
- + روونی و پاكی
- + هەستكردن

شووشە:
- + ناسكی
- + روونی و پاكی
- - مرۆڤ
- - هەستكردن
- - لێدان
- - درككردن
- - ژیان

ئەشكێ:
- - بەرجەستە
- - مرۆڤ
- + پارچەپارچەبوون
- + كردە
- + لەناوچوون

هەرچەندە (دڵ) و (شوشە) دوو وشەن سیفەتەكانیان زوربەیان لەیەكتر جیاوازن، بەلاَم شاعیر بەیەكی چواندوونو لە روونیو پاكیو ناسكیدا، لەگەڵ ئەوەی كە (دڵ) تایبەتە بە مرۆڤو واتای ژیان دەگەیەنێت، بەلاَم لە حاڵەتی شكاندنیدا وەك ئەندامێكی بێ گیان مامەڵەی لەگەڵدا دەكات، كە زیندویەتی لەدەستداوە، ئەو دڵەی لە باری ئاساییدا هەستی درككردنو لێدانی هەیە، بەلاَم لەكاتی شكاندنیدا ئەمانە سفر دەبنەوە.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەردوو وشەکەی بە وچەی (شکاندن) پێکەوەبەستووەو بەو کردەیە بەیەکی چواندوون، (شکاندن) وشەیەکە تایبەتە بە شتە بێگیانەکان، بەڵام شاعیر ئەم کردەیەی داوەتە پاڵ شتە گیاندارەکانیش لە پارچەپارچەبووونداو ئەنجامی هەردووکیان لەناوچوونە، ئەمەش درککردنو هەستو خەیاڵی شاعیر دروستیکردووەو وێنەیەکی زیندووی بەخشیوە بە ناونیشانەکە.

**١٠) مەرگی بێ دەنگ:** (فەرەیدوون عەبدوول، ١٦٩)

ناونیشانێکی تایبەتە، کە تەنها فرێزێکی سادەو ساکارە، بەڵام واتایەکی تایبەتو شێوازێکی جیاوازی شاعیر دەردەخات لە هەڵبژاردنی وشەی سەرنجڕاکێش بۆ مەبەستێکی تەواو تایبەت بە خودی شاعیر، نیشانە واتاییەکانی بریتین لە:

مەرگ
+ مرۆڤ
+ لەناوچوون
+ گیاندەرچوون
- زیندویەتی
- جووڵە
- هەستکردن

بێ دەنگ
- دەنگدار
+ بە خشپەو کپی
- هەستکردن
- بێ گیانی

مەرگی بێدەنگ، مەرگێکی ئاسایی نییە، بەڵکو مەرگێکی قورسو دژوارە، چونکە تەنها خودی تاك خۆی هەستی پێدەکات، مەرگێکی مەعنەوییە، نەك مەرگی راستەقینە، بەڵام ئەم بەئازارترە، بریتیە لە خۆخواردنەوەو کەسانی دەوروبەر هەستی پێ ناکەن، هەرچەند بە روخسار شادیت، بەڵام ناخێکی روخاوت هەیە، ئەو بێدەنگیو خەم خواردنە بەردەوامە چارەسەرێکی زۆر قورسی هەیە، لە هەردوو وشەکەدا هەستیان تێدا نییە، مەرگ بێگیانییە واتە رۆح نامێنێت، خودی بێ دەنگی خۆشی بێ هەستیو بێگیانییە، واتە شاعیر ویستویەتی لە سیمایەدا وشەکان هاوتەریب بکاتو پەیوەستیان بکات بەیەکەوە.

چەمکی کۆزانیاری زمانیی لەم ناونیشانانەدا، بەدەر لە زاراوەی چۆمسکی پەیوەست بە قوتابخانەی بەرهەمهێنانەوە بەکارهاتووە، بەڵکو بە کۆی ئەو مەعریفانە بەکارهێنراوە، کە شاعیر لە رێی هەستەکانیەوە سەبارەت بە دنیای دەرەوە بەدەستیهێناون، بەمجۆرە شاعیر بۆتە خاوەنی جۆرێك لە دنیابینیو بنەمایەك بۆ وەسفکردنو پەیبردن بە تێگەیشتن لە شتەکانی دەوروبەر، شاعیر لە رێی هەڵێنجانی کۆزانیارییەکانییەوە، گوزارشتی لە شتەکانی دونیا کردووە، بە بیرو چەمكو شێوازی جیاواز بەهۆی فۆرمە زمانییەکانییەوە دەربڕیون، گومانی تێدا نییە شیعریش یەکێکە لە شێوازە جیاوازەکانی زمان دەربڕین، کە شاعیر لە گۆشەنیگاو دونیابینی خۆیەوە بەرهەمیدەهێنێت.

کەواتە چەمکی کۆزانیاری زمانیی لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەم بە کۆزانیارییە دەربارەی خودی زمان، هەم بە کۆی زانینەکان دەربارەی دەوروبەرو جیهان بەکاردێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان


### أ- بە کوردی:

١. ئاڤێستا کمال محمود، ٢٠١٣، وێنەی هزری، ئاوەزداریو لێکدانەوە سایکۆزمانییەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٤٢.

٢. ئاڤێستا کمال محمود، ٢٠١٤، ئاوەزداری و درککردنی زمانیی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٤٥.

٣. بەرگی یەکەمی دیوانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤، فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، چاپخانەو ئۆفسێتی تیشك، سلێمانی.

٤. د.پەرێز سابیر، ٢٠٠٦، رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٥. تریفە عمر ئەحمەد، ٢٠١٥، زانیاری پراگماتیکی لە کرداردا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٤٦.

٦. شادان حەمە امین محەمەد، ٢٠١٦، پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆرفێمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی.

٧. شیلان عومەر حسەین، ٢٠١٤، زمان و پەرەپێدانی مرۆیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٤٤.

٨. فەرهاد توفیق حەسەن، ٢٠١٠، پەیوەندییە سیمانتیکیەکان و هەندێك دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی.

٩. کەژاڵ حەمە ئەمین ئەحمەد، ٢٠١٠، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی)دا، زانکۆی سلێمانی.

١٠. د.محەمەدی مەحویی، د.کاروان عومەر قادر، م.شیلان عومەر حسێن، ٢٠١٠، دروستەی کردار بنەماو دیاردە، سلێمانی.

١١. هەوار عومەر فەقێ ئەمین، ٢٠١٥، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندندا، زانکۆی سلێمانی.

### ب- بە عەرەبی:

١٢. الدكتور حسن ظاظا، ١٩٩٠، اللسان ومدخل الى معرفة اللغوية، دار القلم دمشق، الدار الشامية بيروت.

١٣. صابر الحباشة، ٢٠٠٨، اللغة والمعرفة رؤية جديدة، صفحات للدراسات والنشر، سورية.

١٤. فؤاد زكريا، ٢٠٠٥، نظرية المعرفة، دار الوفاء الدنيا لطباعة والنشر.

١٥. نعوم تشومسكي، ١٩٩٠، اللغة ومشكلات المعرفة، ترجمة بن قبلان المزيني، الداراالبيضاء.

١٦. نؤم تشومسكي، ١٩٩٣، المعرفة اللغوية طبيعتها وانواعها واستخدامها، دار الفكر العربي، مدينة النص.

### پ- سایتی ئینتەرنێت:

١٧. www.unink.com

١٨. ویکیپیدیای عەرەبی.

١٩. ویکیپیدیای فەرەنسی.




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)